# فەزڵی بەربانگ کردنەوە بۆ ڕۆژووەوان

< کوردي >

شێخ محمد صالح المنجد

وەرگێڕان:دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# فضل تفطير صائم

< كردي >

فضيلة الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# فەزڵی بەربانگ کردنەوە بۆ ڕۆژوەوان

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار :** ئایا ئەو پاداشتە چیە کە بۆ ئەو کەسە ئامادە کراوە کە بەربانگ دەکاتەوە بۆ ڕۆژوەوانێك؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت :{مَن فطّر صائماً كان له مثل أجره غير أنه لا ينقص من أجر الصائم شيء } [رواه الترمذي ( 807 ) وابن ماجه ( 1746 ) وصححه ابن حبان ( 8 / 216 ) والألباني في " صحيح الجامع " ( 6415) ].

واتا : هەرکەسێك ڕۆژوو بۆ کەسێکی ڕۆژوەوان بشکێنێت، - واتا : بەربانگی بۆ بکاتەوە و خواردن و خواردنەوەی بۆ ئامادە بکات لەکاتی بەربانگ کردنەوەدا – ئەوا پاداشتی ڕۆژووی ئەو کەسە ڕۆژوەوانەی بۆ هەی لای خوای گەورە، بەبێ ئەوەی هیچ لە پاداشتی ئەو کەسە ڕۆژوەوانە کەم ببێتەوە .

شێخ الاسلام ابن تیمیة ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لەم بارەیەوە ووتویەتی : مەبەست لە بەربانگردنەوە بۆ کەسێ ڕۆژوەوان ئەوەیە تیری بکات ..

پێشین و سەلەفی صالحی ئەم ئومەتە زۆر سوور بوون و پێداگریان کردووە لەسەر بەربانگ کردنەوە بۆ کەسانی ڕۆژوەوان، وە بەلایانەوە وابوو کە لەباشترین و ئەفزەڵترین عیبادەت وپەرستنەکان بووە .

وە هەندێك لەوان ووتویانە : ئەگەر دە هاوەڵ لە هاوەڵانم بانگ بکەم بۆ خوانی بەربانگ کردنەوە، و ئەو خواردنەیان بۆ ئامادە بکەم کە بەلاینەوە خۆشە، ئەوا بەلامەوە باشتر و خۆشەویسترە لە ئازاد کردنی دە لە نەوەکانی ئیسماعیل ..

وە زۆریك لە سەلەفی ئەم ئومەتە ( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ) کاریگەر بوون بە بەربانگ کردنەوەیان ئەگەر بەڕۆژوو بوبن، لەوانەیش عەبدوڵای کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) وە داودی طائي و مالیکی کوڕی دینار، وئەحمەدی کوری حەنبەل، تەنانەت عەبدوڵای کوڕی عومەر لەگەڵ هەتیوان و هەژاران نەبوایە بەربانگی نەدەکردەوە .

هەندیکی تریان (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ) حەزیان کردووە خواردن و خواردنەوە ئامادە بکەن بۆ برا ڕۆژوەوانەکانیان و خزمەتیان بکەن، بۆ ئەوەی لە پاداشت وئەجری ڕۆژوەکەیاندا بەشدار بن، لەو کەسانەش ئەم کارەیان کردووە، حەسەنی بەصری و عبەدوڵای کوڕی موبارەك بوون ..

ئەبو سیواری عەدەوی : دەڵێت : پیاوانێك لە بەنی عەدی لەم مزگەوتەدا نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن و هەرگیز هیچ کەسێکیان بەتەنها بەربانگی نەکردوەتەوە، ئەگەر کەسێکی دەست کەوتبێت لەگەڵیدا بەربانگی کردبێتەوە ئەوا لەگەڵ ئەو کەسەدا بەربانگی کردوەتەوە، وە ئەگەر نا ئەوا خواردنەکەی بردوەتە دەرەوەی مزگەوت و لەگەڵ خەڵکیدا خواردویەتی و خەڵکیش لەگەڵ ئەودا خواردویانە ..

پەرستن وعیبادەتی خواردن بەخەڵك دان و بەربان کردنەوە هەندیك عیبادەت و پەرستنی دیکەیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، وەك مەوەدەت و خۆشەویستی بۆ ئەو کەسانەی کە خواردنەکەیان بۆ ئامادە دەکەیت، ئەمەش هۆکارێکە بۆ چوونە بەهەشتەوە، وەك پیغەبمەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی :{ لا تدخلوا الجنة حتى تؤمنوا ولا تؤمنوا حتى تحابوا }[رواە مسلم ( 54 ) ] واتا : ناچنە بەهەشتەوە هەتاوەکو باوەڕ نەهێنن، باوەڕیشتان نیە هەتاوەکو یەکیتریتان خۆش نەوێت ،،،، هەروەك چۆن بەربان کردنەوە و خواردندان بە ڕۆژوەوانان، دەبیتە مایەی دانیشت لە مەجلیسی پیاوانی خواناس ولەخواترس، و چاوەڕیی پاداشت وەرگرتن لای خوای گەورە لە بەرامبەر ئەوەدا کە خواردن و خواردنەوەت پێداوون، ئەوەش دەبیتە هۆی ئەوەی ئەو کەسانە زیاتر هیز و گوڕیان تێدا بێت بۆ عیبادەت و پەرستنەکانی خوای گەورە وپەروەردگار ...

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : ماڵپەری ئیسلام پرسیار وە وەڵام ..